# ئەی جوانتر لە بەهار

## خاڵی کانی

**ئەگەر** چاوەکانت هەدا بدەن، بێ دەنگیەکەی ئەوی جوانتر لە بەهارت بە هاوڕێ بۆ دەشکێنم، هاوڕێ کە ناخی جوانتر لە بەهارو دەروونە ئاڵۆزەکەیت پتر بۆ دەربخات با منیش وەك تۆ لە نهێنی چاوە پرسیارەکانی نانا... بەشکم لە نهێنی وشە شەرمێونەکانی بەر لە ماڵئاوایی دواجاری تێ بگەم. حەجمینت بێ، دەنا بە سەرت واز لە نووسینی ئەوانەش دێنم.

دوێنێ سەفەرێکی سەیر خۆشمان دەست پێ کرد، ئەو دەڵێ خۆش، دەنا ئەوە قسەی من نیە، ئەوی جوانتر لە بەهار لە گەڵ خۆی هەموو شتێکی برد، هەرچی شتی جوان بوو، هەموو وشە نیانەکانی نێو دەفتەری بیرەوەریمان، تەواوی خەونە سەوزەکانی ماتە ژوانەکانی پێکەوە بوونیان، تەنانەت پاڵەوانی نێو چیرۆکەکانی هاوبەشیمان. منیش تەنیا تۆم وەبەر کەوتی. پێم سەیرە تۆشی بە من ڕەوا بینی. ڕەش دامەگەڕێ... تووڕەش مەبە... ئەو درۆی لە گەڵ تۆش کرد کاتێك تۆی بە من بەخشی، وەك لە گەڵ منی کرد کاتێ جێی هێشتم، وەك لە گەڵ خۆی کردی کاتێ ملی ڕێگایەکی پڕ تراویلکەی بێ کۆتای گرت بە تەنێ، و چۆن لە گەڵ هەموو وشەکان و نیگای نێو هەموو دەلاقەکان کردی ئەو کاتانەی لە خۆبایی‌یانە دەیڕوانی‌یە ئێستاکان.

ئێوارە کام ئێوارە؟ ها باسی ئەو ئێوارەیەت بۆ بگێڕمەوە کە تینوو تینوو لەتەنیشت ئەو کانیاوە تێپەڕی کە پرچی حەزەکانی تێدا شانە دەکرد؟ باشە بۆتی دەگێڕمەوە بەڵام ئاخر تۆ نازانی لە گەڵ گێڕانەوەی ئەو ئێوارەیە ئەمن دەبێ دەست بدەمە ئێسك و برووسکەکانی تۆو زمانم لاڵ، هەناوم ڕەش داگەڕێ دەبێ لە نێو بڵێسەکانی ئاگر و دیوارەکانی ئەو حەوشەیەدا بتشارمەوە کە لە گوندەکەی ماڵی لاس !دا باست کردبوو. لە بیرت دێ؟

دەمگوت ئێوارەکە بیبینم لێی تووڕە دەبم، بە سەری دادەڕووخێنم و بینە قاقای دەگرم کە چۆن توانی ئاوالە من وئاوا لە خۆی بکا ؟ ئەوەی کە هەرچی سنوورە بەزاندوویەتی هیچ، ئەدی چۆن ویستوویەتی لە دواجاردا ئەم گرکانە یاخی‌یە لە ناخی دا کپ بکاو ئەمنیش تێ نەگەیەنێ؟ئەو ئێوارەیە چووینە پیاسە. هەمان ئەو بلووزەی لەبەر دابوو کە ئێستاش لەبەر تۆ دایە. هیچ پەلەیەکی لە ڕێ برین نەبوو. بێ



دەنگ شان بە شانم هەنگاوی دەنا. کە ماندوو دەبوو بە ماتە ئاوڕێکی لێم دەداوەو بە چاوە تیژ پەڕو پرسیارەکانی تێی دەگەیاندم بۆ وا بێ دەنگی؟ ئەمن چووبووم لە نێو پەیڤەکانی ئەودا کاولاشی خۆشەویستیەیەك وێنا بکەم کەچی ... ئاخر هەر خۆم وەقسە هاتم. هەرچی ئەمن قسەم دەکرد پتر دەمو چاوی ئەو ڕەش هەڵدەگەڕا. کزەیەکی سارد هەڵی کردبوو. دەلەرزی و لە خۆڕا دەیویست لەرزینەکەی لەش بشارێتەوە. دەیگوت سەرمام نیە و ڕاستیشی دەکرد، پەنجۆڵە ناسکەکانی گەرم گەرم دایسان، وەك چاوەکانی تۆ کە ئێستا لێم ناگەرێ. سەیر لە سەرە خۆ گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو. کەمترین دژ کردەوەیەکم لە چاوان و هەڵسوکەوتی دا بەدی نەکرد. وەك بڵێی پێشتر هەموو پەیڤەکانی من لە خەیاڵگەی وی دا روابێتن، بۆیە ئەو خووی پێ گرتووە. "خۆشت دەوێم". مات بوو. چاوەکانی وێلیپەی بردن بە نهێنی ئەم پرسیارە لە چاوەکانی من دا. بەزەحمەت توانی و زۆری ویست تا سەری بە نیشانەی "نا" ڕاوەشێنێ. درۆیەکی تاڵ و گەورە بارتەقای هەموو خۆشەویستیەیەکەی بە من و هەموو ئەو لە خۆ بردوویەیەی لەو کاتە ناسکە دا لە خۆی نیشانی دەدا.

درۆیەکی قیزەون، بەڵام بۆی کردی؟ تۆ دەزانی بۆ، سەر دامەخەو لێم بڕوانە. بزانم ئەم درۆیە چی بە سەر هێنام؟ بەڵام لە خۆڕا، گەرمەنیگای دلۆڤانیت لە مێژ بوو هەموو شتێکی لەقاو دابوو. پەلە ڤارەکانی ئەو کاتەشی بۆ شاردنەوەی نهێنیەکەی ئاسن سارد کوتان



بوو. نا... لە خۆت دەپرسم، پێت وایە درکاندنی هەموو ئەم پەیڤە نەگوتراوانە لە ناخیدا چ هێمنی‌یەکی بە ئەو دەبەخشی؟ لە کاتێك دا من دەزانم و تۆش دەزانی چ ئازارێکی تاوێنەری لە گیانی خۆی و هەناوی بەردابوو.

ئەو کاتەی بێدەنگی دەکەوتە نێوانمان، هەنگاوەکانی هەرکمان کز دەبوون. گوێمان لە هاوارێك دەبوو لە قۆقرۆچکەی بێ دەنگی نێوانمان هەڵ دەستا. بە زەحمەت بەرگەی ئەم شلەژانەمان گرتبوو. نە دڵمان دەهات، نا... نە لە خۆمان رادەدی ئەو بێ دەنگی‌یە بشکێنین و نەکاتیش ئەو دەرفەتەی پێدا بووین باس لە هەموو ئەو کەڵکانە بکەین قورسایی خسبۆ سەر دڵمان، کەچی زمانمان لە گۆ چوو بوو. ئەوی جوانتر لە بەهار بێ بەزەیی‌یانە خۆی دەخزاندە باوەشی وەیشوومەیەکی سەر بەهەشی زستانێکی بێ ڕەشەمە و من دەبوا زەرد هەڵگەڕان، هەڵوەرین و مەرگە ناوەختێ ببینم و هەر وا لە تەنیشتی تێپەڕم، چ کارەساتێکی جەرگبڕە لێم تێ دەگەی؟ ئەوی جوانتر لە بەهار لە واتای پەیڤی خۆشەویستی دا خۆنەویستی کردە دیاری بۆ هەموو خەونەکانی و خۆمانی لە یەك دوور خستەوە، دابڕانێك کە قەت یەکتر نەگرینەوە، نەك ئەوەی یەکتر نەبینینەوە، لێم تێ دەگەی چزووی چ ژانێکی خستۆتە هەناوم؟ ئای چ سەختە گێڕانەوەو وێنا کردنی ئەو دوا دیمەنانەی پێکەوە بوونمان بۆتۆ، بۆ تۆیەك کە بۆنی ویت لێ دێ و بە قەرا ئەوم خۆش دەوێی...

کات وەستا بوو کە چی ئێمە نەوەستا بووین. ئەوی دەبوا گوتبامان گوتبوومان و کاتی ماڵئاوایی بوو کە چی هێشتا هیچمان نەگوتبوو.هێشتا لێومان نەخستبۆ سەر لێوی یەکتری و خەستە گریانێك... نا... هێشتا چەند دڵۆپە فرمێسکێك کە دەبوا کۆتایی بە هەموو

ساتە وەختەکانی ئەو خۆشەویستیەیە هێنابا، نەخزا بۆ قوڵکەی چاوەکانمان و ئێمە لە وەستانی کات دا هێشتا پیاسەمان دەکرد. هەر هەنگاوێك و وەربنێك و بە دەم ئەم ڕێژنە وەرینە دا چاوەڕێی دوا گەڵا و دوا هەنگاومان دەکرد. ئای گەلێ سەختە پیاسەی عاشقێك و جەلادێك، هەر هەنگاوێ یەکمان عاشق و ئەوی ترمان جەلاد و هەنگاو بە هەنگاو گۆڕان و دوا هەنگاو مێژوویەکی چ تاڵ و حوکمێکی گەلێ قورس و گرانی دەسەپاند. لە چاوەڕوانیی دوا هەنگاو و لە وەحشەتی دوا هەنگاو دا جار جارە نیگای پەشیمانیمان تێك دەئەڵقاو ئەو جۆرە بوو کە من گریام و ئەی جوانتر لە بەهاریش سەری داخست و چاوەکانی لێم شاردەوە...

چیە بۆ وا شڵەژاوی؟ پێڵووی چاوەکانت بۆ خستۆتە سەر یەك؟ ئەتۆ شەرمەزاری چی؟

* * *

چیرۆك نووس بەر لەوەی لاپەڕەیەکی دی ڕەش کاتەوە، هەستا وێنەکەی جوانتر لە بەهاری لە بەردەمی خۆی هەڵگرت و خستیە نێو لاپەڕەکانی دەفتەرێك کەوا قەرارە سێ ڕۆژی دیکە ئاگر لە جەستەی خۆی بەر بدا.